# ڕێگای گەل

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

Nov , 22 th , 2003 | شەممە ١ / ٩ / ١٣٨٢ | ژمارە ٢٣ | دەورەی تازە


## ڕێگای گەل

## و ٢٤ەمین ساڵی بلاوبوونەوەی

ڕێگای گەل ٢٤ ساڵەی چالاکی خۆی تێپەر کرد .ڕۆلی ڕێگای گەل لە خەباتی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و بەشداری چالاکانەی لە بابەتەکانی پێویستی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد ڕاستێکی حاشا هەڵنەگرە .

ڕێگای گەل ئەگەر چی ئۆرگانێکی ناوچەیی ڕێکخراوی ئێمە بووە، بەلام لە باری بەر فراوانی ئیتوری لە بابەتەکای بزووتنەوە و بە هۆی ڕۆڵی چالاکانەی لە یەکێك لە گورەپانەکانی مەزنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران ، ئەوەندە پڕ بارە کە تەنانەت ئوپورتونیستەکان و ئەوانەی کە خەباتی کۆمۆنیستی تەنیا لە قسە کردن بەر بەست کردوون ناتوانن حاشا لە ڕۆڵی گرێنگی ڕێگای گەل لە خەبات دژی مل کەچی و پاسیفیسم لە مەودای ٢٤ ساڵەی ژیانی بکەن.

ڕێگای گەل لە مەودای بلاو بوونی نەك تەنیا تریبونی دیفاع لە بەرژەوەندی و قازانجی پرولەتاریا لە خەبات بۆ وەدی هاتنی داخوازیەکانیان ، تێ گەیشتنی بنەرەتی کۆمەڵانی چەوساوە بە نیسبەت قازانج و بەرژەوەندی چینایەتیان و خەبات دژی بۆچوونەکانی بە لاڕێ چووانە و ئوپورتونیستی کە تێ دەکۆشن لە گەڵ بە پێچەوانە نیشان دانی ڕاستیەکان ، ڕەوتی خەباتی چینلیەتی لە ڕێگای دروستی خۆی بە لاڕێ ببەن ، وهەروەها تریبونی دیفاع لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد و پێ ڕاگەیاندن و بلاو کردنی پێویستی بە هێزتر بوونی بزووتنەوە، پێك هێنانی گۆڕانکاری ئەساسی لە بواری سیاسی ئەو ، گونجاو لە گەڵ

## وەزعی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی ئێمە

هەروا کە دەزانین ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی بلاوەو و لە هەمان حالدا بەشێکی گەورە لەو بەرنامەیکی ڕوونیان لە بەرانبەر ڕێژیم دا نیە . هۆی بلاوەبوونی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی و لاوازی ئەو ، زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتی تووند و لە یەك بلاوەبوونی ڕێکخستنی ڕێکخراوەکان و ئەحزابی سیاسی لە ناوخۆی ولات و بوونی ئەوان بە شێوەیکی گشتی بە ڕێکخراوەکانی دەرەوەی ولات . هۆیەکیتری ئەم بلاوەبوونە کە ریشەییتر لە هۆی یەکەمە ، لە پێکهات و ڕێکخستنی خۆدی ئەم بزووتنەوەیە و کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی ناوخۆیی ئەوە . ئەحزابی سیاسی و ڕەوتەکانی سیاسی لە ولاتی ئێمە بە هۆی حاکیم بوونی ساڵەها دیکتاتۆری و سەرکوت ، بە شێوەیکی گشتی لە نەبوونی بزووتنەوەکانی خەلکی ، لە ناوخوتی کۆڕ و کۆمەڵەکانی ڕوشنبیری سەریان هەڵداوەتەوە .

پاشماوە لە لاپەڕەی ٢




## لە ساڵیادی ڕا پەڕینی ئازەربا یجان و کوردستان لە ٢١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی

لاپەڕەی ٥

## وت و وێژی هاوڕێ یەدی لە گەڵ گۆڤاری « کار کمونیستی » سەبارەت بە دروشمی کۆماری فیدراتیوی شووراپی ئێران و مەسەڵەی ستەمی نەتەوایەتی و نەتەوەکان لە ئێراندا !

(( بەشی یەکەم ))

کار کمونیستی : هاو کات لە گەڵ پەرەساندنی خەباتی کرێکاران ، زەحمەتکێشان ، لاوان و ڕوشنبیران دژی کوماری ئیسلامی ، مەسەڵەی ستەمی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆ نووسینی نەتەوەکانی نیشتە جێ لە ئێران بووەتە یەکێك لەو مەسەلە گرێنگانەی خەبات ، هۆی ئەمە چیە و لەم بارەوە ڕێکخراوی ئێمە هەڵۆێستی چیە ؟

یەدی : ئێمە دەزانین کە ئێران ولاتێکی فرە نەتەوەئیە و کەسێك ناتوانێ حاشا لەم تایبەتمەندیە بکات کە ئێران ولاتێکە کە شوێنی نیشتە جێ بوونی نەتەوەکانی جۆربەجۆری تورك ، فارس ، کورد ، بەلوچ ، تورکمەن ، عەرەب و ... هیتدە و زۆلمێك کە ساڵیانی ساڵ بەم نەتەوانە کراوە حاشا لێ ناکرێ . جگە لە فەرق و جیاوازی

پاشماوە لە لاپەڕەی ٣

## مەسەڵەی زەوی ، بزووتنەوەی جووتیاران و سیاسەتی ئێمە

( بەشی یەکەم ) لاپەڕەی ٧

## ووشەی سیاسی

لاپەڕەی ١٠

# کار ، خانوو ، ئازادی – کۆماری فیدراتیوی شووراپی !

هەل و مەرجەکانی جۆر بە جۆری ئەو و لایەنگری راستەقینە و سەرسەختی ئامانجەکانی رادیکاڵ و شۆرشگێرانەی بزووتنەوە بووە .

رێگای گەل لە دەورەی تازەی بڵاو بوونەوەی تێ دەکۆشی رۆڵی چالاکانە و خولقێنەری لە رەوتی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد ببینێ هەرچەند گرفتەکانی تەکنیکی و مادی زۆر لە بەرانبەر بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە لە بەر ئێمەیە . رێگای گەل لە مەودای ژیانی خۆی، سیاسەتی وەك بابەتێکی دریژ لە رووداوەکان مانا نەکردووە. نهێنی سەرکەوتنی رێگای گەل لە وەرگرتنی سیاسەتی روون لە سەر ئەساسی بەرنامەیێکی ئوسولی و گۆرینی ئەو بە مادیەت لە پرۆسەکانی بە کردەوەی بزووتنەوە بۆ ئاڵ و گۆری راستیەکان و هاو ئاهەنگ بوونی تەواوی هەڵوێستەکانی رێگای گەل لە گەڵ پێویستیەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد بووە.

رێگای گەل دەبێ بە کەلك وەرگرتن لە کێویك لە ئەزموون، رۆڵی خۆی لە رەوتی جوولانەوەی شۆرشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بناسێ و بە ئیمانی پتەو درێژە بە رێگای خۆی بدات . ئەمەیش مومکین نیە جگە لە تێکۆشانی بەردەوام و بەشداری چالاکانەی هەموو هاوریان لە کار و چالاکی شۆرشگێرانە و هەستی بەرپرسایەتی لە بەرانبەر ئامانجەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە.

دەستەی نووسەرانی رێگای گەل

## پاشماوەی وەزعی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی و . . .

شێوازەکانی کۆر و کۆمەڵی چالاکی لە ناو ئەواندا ریشەی داکۆتاوە ، تەنانەت لە بەربڵاوترین شێوازی خۆیدا ، نەیتوانیوە فەرهەنگی حیزبی دامەزرێنێ و جێبەجێی بکات و بە کردەوە لە چەپ تا راست لە هەوراز و نشێوەکانی تووندی مێژوویی وڵاتەکەمان و گۆرانکاریەکانی کۆمەڵایەتی ، لە دایرەی دژایەتیەکانی ناوخۆیی دەستیان داوەتە جیابوونەوە و هەڵوەشاندنەوە و توانای بریاردان و هاوئاهەنگی خۆیان لە گەڵ هەل و مەرجەکانی بەرەو ئاڵوگۆر و تازەیان لە دەس داوە و بە شێوەیێکی ئوسوڵی بە مەسەلەی نە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم یان ئەو سیاسەت ، بەڵکو لە گەڵ موشکلەی مانەوەی فیزیکی خۆیان رووبەروو بوون . لەم هەل و مەرجەیش دا تەنانەت نفوز و متمانەیان لە بزووتنەوەی خەڵکی نە تەنیا ریشەیی نەبووە ، بەڵکو بە پێچەوانە بە تەواوی لە ناو چووە و جێگای خۆی بە بێ بروایی داوە ، یان لە باشترین حاڵدا بە لاوازترین شێوەی خۆی دابەزیوە . ئەم شتە کەم یان زۆر هەموو رێکخراوەکانی سیاسی ئێران لە بەر دەگرێ . ئەمرۆکە پەیدا کردنی رێگایێك بۆ دەرباز بوون لە وەزعی ئێستای ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی ، تەنیا یارمەتی بە گەشەکردنی بزووتنەوەی نارەزایی خەڵکی لە وڵاتەکەمان نیە ، بەڵکو گرینگتر لە هەموو شت وەڵامدانەوە بە پێویستێکە لە ژیانی بزووتنەوەی سیاسی وڵات و دامەزراندنی فەرهەنگی سیاسی و جێگیر کردنی ئەو لە بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیونیش .

ئەمەی کە ئەمرۆکە لە بزووتنەوەی ئێران ، بە تایبەت لە ناو چەپ ، ئەم روانگەیە زاڵە کە رووبەروو بوونەوە لە گەڵ هەر رەوتێکی سیاسی ، ئاکسیونی سیاسی ، کردەوەی هاوبەش لە گەڵ یەك یان دەستەیەك لە ئەحزابی سیاسی ، نە ناسنامەی ئەحزاب ، پێ خۆش بوون یا پێ خۆش نەبوونی ئەم یان ئەو حیزب و رێکخراو ، بەڵکو پرۆگرامی سیاسی دیاریکەر و ئەسڵە بە سەر هەموو تێبینیەکانی مومکین لەم بوارەدا ، خۆی سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ بزووتنەوەی ئێمە لە تێپەرین بە سەر بریاری لە پێش دا و شێوازەکانی پێش حیزبی بەرەو فەرهەنگی حیزبی . پێ داگرتن لە سەر ئەم شتە ، لە بەر ئەمە گرینگە کە تەنیا لە لایەنی سەڵمێنەری پرۆگرام و داخوازیەکانی سیاسی و ئابووری دیاریکراو کە ریزبەندیەکانی هێزەکان ، لایەن گرتنی چینایەتی دیاریکراوی ئەوان دەردەکەوێ ، نەك لە ئیدیعاکان و دروشمەکانی ئەوان . کردەوە بە پێ پرۆگرامێکی روون ، هاوپەیمانانی راستەقینە بەرەو لایەنێکی دیاریکراو لە سیاسەت و پرۆگرام رادەکیشێ ، تەنیا شەرِ لە سەر ووشەکان و سنووردانانی لە سەر کاغەزە کە جیابوونەوە وەك پێویستێکی حەتمی نیشان دەدات . بۆیە ئێمە ، ئەگەر خوازیاری بە هێز بوونی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی ، نەك وەك هێزێکی بێ رووخسار ، بەڵکو هێزێکی ئاڵترناتیوین ، دەبێ پێش لە هەموو شت ، پرۆگرامی مومکینی ئاوا ئۆپۆزیسیونێك بخەینە بەر باس و هەڵسەنگاندن کە چ دەتوانێ بێت و بۆ چی ؟

پرۆگرامی ئۆپۆزیسیونی دیکتاتۆریەکی مەزهەبی پێش لە هەموو شت پرۆگرامێکی دیموکراتیکە . واتە پرۆگرامێك بۆ کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆری و دامەزراندنی دیموکراسی . ئەم پرۆگرامە لە تەواوەتی خۆی دەبێ داخوازیەکانی ئەساسی خەڵکی ئێران لە بەر بگرێ .

ئەم ئۆسولانە لە روانگەی ئێمە کامینن ؟

١ _ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی

٢ _ مافی خەڵك لە دیاریکردنی جۆری حکومەت لە رێگای هەڵبژاردنی ئازادانەی خۆیان .

٣ _ ئازادیەکانی بێ قەید و مەرجی سیاسی

٤ _ جیایی دین لە دەوڵەت

٥ _ یەکسانی تەواو لە نێوان ژنان و پیاوان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی

٦ _ مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێران ، وەك مافی ئەوان لە جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی میللی ئەوان .

دیموکراسی لە ئێران تەنیا لە سەر ئەساسی ئەم ئۆسوڵانە ، و جێبەجێ کردنی بێ قەید و مەرجی ئەوان مومکین دەبێ . ئێمە کاتێك لە ئۆپۆزیسیون و بە هێز کردنی ئەو قسە دەکەین ، مەبەستمان ئۆپۆزیسیونێکە کە بروای بەم ئۆسولانە بێت و بەڵێنی پێ بدات . ئەم ئەسڵە پرۆگرامیانە ، یەکەم لە دژایەتی لە گەڵ ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامیە کە هەر لە ئێستاوە سیستەمی حکومەتی لە پێش دیاریکراوێك بۆ خەڵکی ئێران ئامادە کردوون ، وەك سەڵتەنەت خوازەکان ، کە خوازیاری زیندو کردنەوەی رێژیمی پاشایەتی لە ئێرانن و دژایەتی ئەوان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ، گرێ دراوەتە گەرانەوەی دیکتاتۆری پەهلەوی . ئەوان پێش لە ئەوەی کە هێزێك بۆ داهاتووی ئێران بن ، میرات خواری دیکتاتۆری پێشوو ، و خەیاڵ کەرانی زیندو کردنەوەی ئیمتیازەکانی لە دەس چووی خۆیان لە حکومەت کردن بە سەر خەڵکی ئێرانن .

دووهەم ئەوەی کە لە دژایەتی لە گەڵ هەموو ئەو هێزانەیە کە بە ناوی پاراستنی

یەکپارچەیی خاکی وڵاتی ئێران ، مافی نەتەوەکانی نیشتیجێ لە ئێراندا بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەی ڕێگای خۆیان ، پێشێل دەکات و هەر لە ئەمڕۆوە درێژەپێدانی سەرکوتی نەتەوەکانی ستەم لێکراوی ئێران و شەڕی ناوخۆیی لە سبەینی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی تەداروك دەبینێ . هێندێك ڕەوتەکانی لیبراڵ وەك بەشێك لە چەپی لیبراڵ _ ڕیفورمیست بەشێك لەو پێك دێنن و سیاسەتی ئێمە لە بەرانبەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی ، لە چەپەوە تاکو ڕاست ، لە سەر ئەساسی ئەسڵەکانی سەرەوە دیاری دەکرێ .

## پاشماوەی وت و وێژی هاوڕێ یەدی لە گەڵ گۆڤاری « کار کمونیستی »

دانانی ئابووری و سیاسی(( جیا لە نەتەوەی فارس )) ئەم نەتەوانە لە خوێندن و نووسین ، تەنانەت زۆر جاریش نەیانتوانیوە بە زمانی دایکی خویان قسە بکەن . لە بەر ئەمەیە کە لە ناو بردنی ئەم فەرق و جیاوازی دانانە بووەتە یەکێك لە خاڵەکانی سەرەکی خەبات و بەشێك لە خواستەکانی گرینگ و ئەساسی دیموکراتیێك دەژمێردرێ .

بە شێوەیێك کە ئەمڕۆکە کەسێك ناتوانێ ناوی ئازادیخواز و دیموکرات لە سەر خۆی دابنەێ ، بەڵام لە خەڵکێك کە کار دەکەن ، بەرهەم دێنن و سەرانەیش دەدەن و . . . خوازیاری ئەوە بێت کە بە هەر هۆ و بیانوویێك ئەم زوڵم و ستەمە تەحموول بکەن و دەنگیشیان دەر نەیێت .

ئیتفاقەن هەڵویست وەرگرتن سەبارەت بە لە ناو بردنی ستەمی نەتەوەیی و بە ڕەسمی ناسینی مافی چارەی خۆ نووسین پێوانەیێکی زۆر گرینگ و ئەساسیە بۆ ناسینی دوستان و دوژمنانی ئازادی . تا ئەو کاتەی لە ئێراندا نەتەوەکان بەم شێوەیە لە زنجیری دیلی بە سەر دەبەن ، دامەزراندنی ئازادی و دیموکراسی هیچ مانایێکی نیـیە .

مێژووی خەباتی سەد ساڵەی ڕابردوو لە ئێراندا ، ئەم ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە وە دەر دەخات کە هەر کات خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران ڕاپەریون تاکو کوشکی زوڵم و دیکتاتۆری برووخێنن ، لەم گیر و دارەدا تا نەتەوەێك ویستویەتی لە دەسکەوتی خەباتی خۆی کەڵك وەر بگرێ وچارە نووسی خۆی دیاری بکات ، لە ژێر ناوی (( خەتەری جیاخوازی )) کەوتووەتە بەر هێرش و هەر لەو شوێنەدا بناغەی گەرانەوە بۆ دیکتاتۆری ، سەرکوت و بەردەوامی ئەو لە سەرانسەری وڵات دانراوەتەوە .

دەتوانین بڵێن کە ڕیشەکانی دیکتاتۆری و دواکەوتوویی لە ئێراندا لە دیل بوونی نەتەوەکانە و چینی کرێکاریش بۆ ئەوەی یەخەی خۆی لە مەسەلەی نەتەوەکان بەر بدات ، مەجبوورە لە خەبات بۆ لە ناو بردنی ستەمی نەتەوایەتی بە قازانجی خۆی کەڵك وەر بگرێ . هەر لە بەر ئەمەیە کە لە پروگرامی پەسەند کراوی کۆنگرەی دووهەمی ڕێکخراوی ئێمە کە بە شێوەیێکی ئەساسی بە پێداچوونەوەی بارودۆخی ئابووری ، کومەڵایەتی و مێژوویی نەتەوەکانی جۆر بە جۆر و ڕەوتی خەباتی چینایەتی لە ئێراندا ئامادە و نووسراوە ، بابەتی لە ناو بردنی ستەمی نەتەوایەتی و مافی چارەی خۆ نووسین تاکو سەربەخۆیی تەواو جێگا و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە .

پرسیار : ماوەیێکە هەم لە ناوخۆ ئێراندا و هەم لە دەرەوەی وڵات ، گروپ و ڕێکخراوەکانی جۆر بە جۆر سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی چالاك بوون ، جگە لەوان لە ناوخۆی باڵەکانی ناوخۆی ڕێژیمیش ئەم مەسەلەیە باس دەکرێ و هەر ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ . بۆ نموونە گروپێك هەن کە بە شێوەیێکە ئەساسیـدا بڕوایکیان بە بوونی ستەمی نەتەوایەتی لە ئێراندا نـیە و خواستی لە ناو بردنیبردنی ئەم ستەمە و مافی چارەی خۆ نووسین بەرەسمی ناناسن . گروپێکیتر لە ناوخۆی ئەم نەتەوانە خوازیاری جیائی و سەربەخۆیی هەر لە ئێستان . گروپێکی دیکەیش لە ئۆتۆنۆمی فەرهەنگی قسە دەکەن . گروپێکیتریش سیستەمی فیدراڵی بۆ چارە سەری گرفتی نەتەوایەتی پێشنیار دەکەن . ئەم گروپانە زۆر چالاك بووەتەوە و هێزەکانی خۆیان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کۆ دەکەنەوە ، هەڵویستی بورژوازی لە سەر دەسەڵات و باڵەکانی ڕێژیمیش تا ڕادەیکی کەم یان زۆر لە یەکێك لەم کاتاگوریانە دەگۆنجێ . بەڵام هێشتا سنوورەکان بە تەواوی دیاری نەکراوە . پێش لەوەی کە هەڵویستەکانی ڕێکخراو لەم بارەوە ڕوون بکەینەوە ، ئەمانەوێ بە شێوەیکی کورتیش کە بووە هەڵویستی ئەم گروپانە ، بۆچوونە کۆمەڵایەتیانە و هەروا لایەنی کار و چالاکی داهاتووی ئەوان دیاری بکەین .

یەدی : ئەم بیر و بۆچوونانە دەبێ بە دوو گروپ دابەش کرد ، گروپی یەکەم یان ئەو کەسانەی کە ئەم مافە بە ڕەسمی ناناسن و وەزعیان ڕوونە و بە شێوەیێکی ئەساسی هەر جۆرە قسە کردن سەبارەت بە لە ناو بردنی ستەمی نەتەوایەتی و مافی چارەی خۆ نووسین بە گورزی (( جیایی خوازی )) و (( چەند پارچە )) بوونی ئێران ڕەت و مەحکووم دەکەن . ئەمانە ساڵەهای ساڵە کە تێکۆشاون و هەوڵ دەدەن تاکو لە ئەساسەوە بوونی نەتەوە جۆربەجۆرەکان لە ڕێگای تەزویری مێژوو و سەفسەتە سەبارەت بە (( نەتەوەی یەکپارچە و مەزنی ئێران )) ڕەت کەنەوە ، بۆ ئەم مەبەستەیش زانایان و تیئوریسیەن و ڕوشنبیرانی تایبەتی خۆیانیان هەیە و یان بە پارە دەیانکرن تاکو ئەم درۆ و دەڵەسانە تیئوریزە بکەن و بیانکەنە خوراکی خەڵك . ئەمانە هەر ئەو هێزە شوینیست و گەورەیی خوازی ئێرانین کە بە هەنگاو و قەڵەمەوە لە مێژووی کومەڵگای زۆر لێکراوی ئێمە خزمەتکاری گورزی سەرکوتگەری چینەکانی دواکەوتوو بوون . ئەم بیر و بۆچوونە کۆمەڵایەتی ، فیکری و فەرهەنگیە کە لە پشتەوەی ئەو قازانجەکانی گروپاکانی ماڵی و نیزامی خۆی شاردووتەوە ، تەنیا لە هەل و مەرجی دیکتاتۆری و سەرکوت و خەفەقانە کە بە کەڵك وەرگرتن لە ئێمکاناتی دەوڵەتی و مافیای ماڵی بە سەر کاروباری کۆمەڵگا حاکیم دەبێ و لە ڕەوتی پەرەساندنی بزووتنەوە لە خزمەتی زیندوو کردنەوەی دیکتاتۆری و سەرکوت دادەنرێ . ئێستا ئەمانە یان دەسەڵات بە دەستەوەیانە یان لە دەسەڵات فرێ دراونەتە دەرەوە ، کە بە قسە و کردەوەیان لە خزمەتی مانەوەی دواکەوتوویی دان و لە کاتی کە دەسەڵات بە دەستەوە بگرن ڕوو دەکەنە سەرکوت و دیکتاتۆری ، ئەمانە دوژمنانی ئازادی خەڵك ، دوژمنانی چینی کرێکار و خەڵکانی ژێر دەستەی ئێرانین و دەبێ دژی

ئەمانە خەبات كرد .

ناسیونالیستەكانی بەر چاو تەنگ گروپی دووهەم پێك دێنن .

ئەمانە گروپی دووهەم پێك دینن هەروا كە ئیشارەتمان پێ كرد ئەم گروپە لە ڕێكخراو و كەسانە هیچ كاریكیان بە خەباتی ئابووری ، سیاسی كریكاران و زەحمەتكێشانی نەتەوەی خۆیان و كارێك بە خەباتی خەڵكانی نەتەوەكانیتر نییە . لە هەڵویستێكی دژی فارس ، سەربەخۆیی و جیاییخوازی لە ئێستاوە قسە دەكەن و هەندێكیان پەرە دەدەنە باسی یەكگرتن لە گەڵ نەتەوەی هاو زمانی خۆیان و پێك هاتنی دەوڵەتێكی میللی بە هێز لە ناوچەكە .

ئەمانە ناسیونالیستە توند ڕەوەكانی نەتەوەكانی ژێر دەستن كە لە بەرانبەر شوینیزمی هەوسار پچڕاوی گروپی یەكەم هیچ ریگا چارە سەرێك لە چوارچێوەی ولاتی ئێران بە ڕەسمی ناناسن ، سەبارەت بە خەبات و داخوازیەكانی یەكسانی خوازانەی كرێكاران و زەحمەتكیشانی نەتەوەی خۆیان چالاك نین و پاسیون و ئەم مەسەلەیان دەخەنە پاش وەرگرتنی سەربەخۆیی . لەو جێگایە كە پێگەی كۆمەلاَلایەتی بورژوازی بۆ پێك هێنانی دەوڵەت لە ناو ئەم نەتەوانە لاوازە ئەمانە بە دوای ئامانجەكانی خۆیان بە هیوای كردەوەكانی لە سەرەوە و لە لایەن ولاَتانیترن ، ئەم دوو گروپە زۆرتر لەوەی كە لە بیری ئازادی ، وەرگرتنی مافی چارەی خۆ نووسین و ئازادی و بەرابەری بن ، پەرە دەدەنە دوژمنایەتی لە نێوان نەتەوەكان و خۆیان دەبنە هۆی بە هێز بوونی دیكتاتۆری و ستەم و چەوساندنەوە . و ئەگەر دەرفەتێك بۆ گەشە كردنیان برەخسێ زۆر زوو دەبنە گورزی دەستی دواكەوتوویی ناوخۆیی و دوژمنانی دەرەوە و هەل و مەرجی شەڕ و براكوژی بە هێز دەكەن .

ئەو ناسیونالیستانەی كە لە دیموكراسی لیبراڵی ئیلهام وەر دەگرن :

ئەم بۆچوونە كۆمەڵایەتی ، فیكریە گروپێكی جۆربەجۆر لە بۆچوونەكانی سیاسی وە بەر دەگرێ. ئاسەوارەكانی ئەو دەكرێ لە گروپی راستی راست بگرە تا گروپی چەپی چەپ ببینین، لەم بارەوە بە تایبەت بەشێك لە چەپەكان واتە ئەوانەی كە خۆیان بە سوسیالیست و كۆمۆنیست دەزانن بە هۆی درێژ خایەن بوونی ستەمی نەتەوایەتی و جیایی ئەم هێزانە لە پێگەی كۆمەلاَیەتی خۆیان ، گیرودەی ئەم بیر و بۆچوونە فیكریەن .

ئەم دەستە لەم هێزانە ، كەسایەتیەكان و حیزبەكان و ڕێكخراوەكانی سیاسی لە شێوەی خۆدموختاری ئیداری و فەرهەنگی بگرە تا سیستەمێكی ئیدارەی فیدراڵی ولاَتیان بە باشترین شێوەی ولاَمدانەوە بە دژایەتیەكانی كۆمەلاَیەتی و نەتەوایەتی لە ئێران دەزانن . هەڵبەتە لە ناخۆی ئەم گروپە هێز و ڕەوتەكانێك هەیە كە لە مافی چارەی خۆ نووسین و سەربەخۆئیش دیفاع دەكەن . بەلاَم ئەم دیفاعانە لە مافی چارەی خۆ نووسین تاكو سنووری جیابوونەوە ، زۆرتر دروشمیكی پچراو جیاوازە تاكو ڕێگا چارە سەرێكی ڕوون و دیاریكراو بۆ كوتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و گەیشتن بە مافی چارەی خۆ نووسین .

پرسیار : هۆی بوونی ئەم ئالۆزێە ئەوە نییە كە مەسەلەی نەتەوایەتی و مافی چارەی خۆ نووسین لە ئێراندا ولاَمی مێژوویی و چینایەتی وەر نەگرتووە و زۆر كەس هێشتا بورژوازی ئەم نەتەوانە بە هەڵگری ئالاَی خەبات بۆ لە ناو بردنی ستەمی نەتەوایەتی و نوێنەری ڕاستەقینەی ئەم نەتەوانە لە دیاریكردنی مافی چارەی خۆ نووسین و پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەزانن ؟

یەدی : بە داخەوە زۆربەی ئەم بۆچوونە سیاسیانە هەڵویستی جیاواز بە ڕەوتی مێژوویی پەرەساندنی كۆمەلاَیەتی ، بەرژەوەندی خوازی و یان تەنیا ئەزموون وەرگرتن وەك ئەساسی بەرنامە و كردەوە و لێكدانەوەی خۆیان لە سەر بابەتی مافی چارەی خۆ نووسین داناوە . لە حالێكدا ئەو شتەی كە لە بەرنامەی كردەوە دادەنرێ و دەبێ پروپاگەندە و ڕاگەیاندن لە سەر بكرێ و لە هەمان كاتیشدا دەبێ بە كردەوش كاری لە سەر بكرێ و نەبێتە دروشمەكانی پووچەڵ و بێ كردەوە ، پێویستە ئەم بەرنامە و دروشمانە پایەیكی فیكریان هەبێ و ئەم تێ گەیشتنە فیكریە دەبێ ئاكامی لێكدانەوەیكی مێژوویی و چینایەتی نەتەوە یان نەتەوەكانی مەبەستی ئێمە بێت . و نە تەنیا پێویستە قۆناغەكانی ئالۆ گۆری كاتی لە بەر چاو بگیردرێ ، بەڵكو دەبێ بوونی هاوكات بوونی قۆناغەكانی جۆربەجۆر و جیاواز لە شوێنە جیا جیاكان حیسابی لە سەر بكرێ .

بۆ نموونە ئەگەر لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاكانی سەدەی بیستەم دیموكراسی بورژوایی لە بەرانبەر سیستەمی دیكتاتۆری دەرەبەگایەتی خوازیاری ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆ نووسین بوو و ئەم خەباتە تا ئەو جێگایە پێشكەوتوو بوو كە دەبوایە پشتیوانی لێ بكرێ و هەم كرێكارن و هەم بورژوازی بۆ ئازاد كردنی خۆیان لە قەید و بەندی دەرەبەگایەتی قازانجێكی هاوبەشیان هەبوو و یان ئەگەر لە سەدەی بیستەم یەكێتی كرێكاران و كەسانی بورژوازی دژی ئیمپریالیزم و هێزەكانی بورژوا دیموكراتیكی پێشكەوتوو هاو كات بیانویستایە شۆڕشی بورژوا دیموكراتیكی خۆیان لە ڕێگای ئازادی میللی بەرەو پێش بەرن ، پێشكەوتوو دەژمێردران .

یانی تا ئەو كاتەی كە بورژوازی میللی تێ دەكۆشا خۆی لە سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار بكات ، ئەم بورژوازیە هەڵگری ئیرادەی نەتەوە بۆ جیابوونەوە و پێك هێنانی حكوومەتی سەربەخۆ بوو و چینی كرێكاریش پشتیوانی لێ دەكرد . و ئەگەر لەو كاتە بە هۆی بوونی ولاَتانی موستەعمرە و پێكهاتەكانی دەرەبەگایەتی خەباتی ناسیونالیستی بورژوازی میللی خاوەن زەمینەكانی مێژوویی و ئابووری بوو ، بەلاَم ئالوگۆڕەكانی سەدەی ڕابردوو وەزعی پێشووی بە تەواوی بە شێوەیكیتر لێ كرد و پەیوەندیەكانی سەرمایەداری لە هەموو گۆشە و كنارێكی جیهان بووەتە پەیوەندیەكانی زاڵ ، جگە لەویش سەرمایەداری تەواوی سنوورەكانی بەزاندووە و لە هەل و مەرجی بە جیهانی بوونی سەرمایە بارودۆخێك پێك هێناوە كە سەرمایە لە هەر كوێ قازانجی زۆرتری بێ بەرەو ئەوێ بڕوا و بورژوازی بە گشتی و هیچ سەرمایەدارێك بە تایبەتی لە ئەساسەوە حازر نییە لە چوارچێوەی بازارێكی میللی بمێنێتەوە و لە هەر كوێ قازانجی زۆرتر بۆ سەرمایە بێت بەرەو ئەوێ بچێت . ئەم شتە لە بارەی ئێران و ولاَتانێكیتر لە ناوچەكە وەكو توركیا ، عێراق ، پاكیستان و . . . هیتدیش

پاشماوە لە لاپەڕەی ٩

## پاشماوەی مەسەڵەی زەوی ، بزووتنەوەی جووتیاران و . . .

زیاد کردنی قازانج و دەسکەوت ماشینەکانی کشتوکاڵیی کڕی و یان بە هۆی ئەوەی کە یەکێك لە ئەسڵەکانی یاسای ریفورمی زەوی ، زەویەکانی میکانیزەی لە دابەشکردن لابرد ، ئەربابەکان ماشینەکانی کشتوکاڵیان کڕی . هەروەها کۆمپانیاکانی ناردنی ماشینەکانی کشتوکاڵیش لە هەموو ئاسانکاریەکانی دەوڵەتی و ئیمکاناتی هاندەرانەی ئەوە بۆ ناردنی کەل و پەل و فرۆشتنی ئەوە بە جووتیاران و خاوەن زەویەکان کەلکیان وەر دەگرت . نموودارى پەرەساندنی ڕادەی هێنانی ماشینەکانی کشتوکاڵ بە باشی ئەم ڕەوتە ئاشکرا دەکات .



بەڵام ئیستفادە لە ماشینەکان لە کشتوکاڵ بە هەر هۆ و لە بەر هەر چی کە بێت و بە هەر هەستان و دابەزینێك کە بەرەو پێش بچێ ، دەبێتە هۆی پەرەساندنی سەرمایەداری لە کشتوکاڵیدا . چونکە بە وتەی لینین دا :

" لە لایەکەوە سەرمایەداری هۆی برەوی و پەرەساندنی ئیستفادە لە ماشینەکان لە کشتوکاڵ و لە لایەکەترەوە ، بە کار هێنانی ماشینەکان لە کشتوکاڵ خاوەن ناوەرۆکێکی سەرمایەداریە . " ( " پەرەساندنی سەرمایەداری . . . " _ لینین )

بە کار هێنانی ماشینەکان لە کشتوکاڵدا خاوەن ناوەرۆکێکی سەرمایەداریە چونکە بە مەبەستی ڕزگار بوون لە کاری ڕەعیەتی ئەنجام دەدرێ و ئەمە بە مانای سەرمایەداری کردنی بەرهەم هێنانە و لە لایێکترەوە سەرمایەداری بۆ لە ناو بردنی سیستەمی کاری ڕەعیەتی و و ئازاد کردنی جووتیاران دەبێ لە ماشینەکانی کشتوکاڵی کەڵك وەر بگرێ .

ئیمپریالیزم بە هۆی کەم بوونی بازارەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی( ئازاد بوونی وڵاتانی ژێرسوڵتەی خۆی) بە ریشەییکردنی سەرمایە لە وڵاتانی ژێر سوڵتەی خۆی وەك ئێران خەریك بوو و بۆیە ریفورمەکانی زەوی لە هەموو وڵاتانی ژێر سوڵتە لە دەستووری کاری خۆی دانا . هەروەها زۆر دەمێك بوو کە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئیمکاناتی ئاو و خاکی ئێران دەس پێ کردە بوو ( کۆتائیەکانی دەیەی ۲۰ی هەتاوی بە دواوە ) و لە کۆتائیەکانی دەیەی ۳۰ی هەتاوی خەریکی سەرمایەدانان لە بەشی کشتوکاڵیش بوو و جەمسەرەکانی ئاو و خاکی ئێرانی ( خوزستان ، قەزوێن ، موغان ، گیلان و تورکمەن سەحرا و هیتد . . . ) کردە گۆڕەپانی سەرمایەدانانەکانی گەورەی دەسەڵاتدارانی سەر بە خۆی و تێکۆشا تاکو هەر کام لەوان بکاتە جەمسەری تایبەت بە بەرهەمێك کە گۆنجاوترین و پڕ لە قازانجترین بەرهەمی ئەو ئاو و خاکە بێت ( مارچوبە و سۆیا لە خوزستان لە ژێر بەنداوی ( سەد ) دز ، دارستانەکانی میوەی دەشتی قەزوێن ، لۆکەی تورکمەن سەحرا ، گەنمی دەشتی موغان و هیتد . . ) و بەم جۆرە زەربە بدات لە ئاڵ و گۆڕ کردنی سنووردار و یان پێ بە پێی ئابووری سرووشتی و ئاڵ و گۆڕ کردنی بازرگانی ( توجارەتی ) نێوان جەمسەری بە ئاڵ و گۆڕ کردنی نێودەوڵەتی ( ناوخۆ و دەرەوە ) زیاد بکات .

(( بەشی دووهەم لە ژمارەی داهاتوو ))

## لە یادی ڕاپەڕینی ئازەربایجان و کوردستان لە ۲۱ی سەرماوەزی ساڵی ۱۳۲٤ی هەتاوی

لە ڕۆژی ۲۱ی سەرماوەزی ۱۳۲٤ی هەتاوی ڕاپەڕینی خەڵکانی ئازەربایجان و کوردستان دژی دیکتاتۆری دەسەلاتدار سەرکەوت و بۆ یەکەمین جار ئازادی ئەحزاب ، مافی دەنگدانی ژنان ، هێز و دەسەلاتی ئەنجوومەنەکانی ئەیالەتی و وەلایەتی ( شووراکان ) ئازادی بلاوکراوەکان ، یەکێتیەکان و دامەزراوەکانی کرێکاری لە بەشێکی ئێران بە ڕەسمی ناسرا کە لە سەرانسەری ئێراندا بێ وێنە بوو و لە مەودای یەك ساڵ ئاوا لە بواری ئابووری و فەرهەنگی و ئازادیەکانی سیاسی گۆڕانکاری پێکهات کە حکومەتی مەرکەزی لە ترسی پەرەساندنی ئەم گۆڕانکاریانە بۆ سەرانسەری ئێران بە دوای ڕێگا چارەسەرێك بوو . لە بەر ئەوەی کە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لەم دوو ناوچەیە خوازیاری پەرەساندنی دیموکراسی و ئازادیەکانی مەدەنی بۆ سەرانسەری ئێران بوون و وەك هیوایەتی هەموو ئازادیخوازانی ئێران و ناوچەکە دەژمێردرا و ئەمە لە گەڵ قازانجەکانی توجارەکان ، ئەشراف و دەرەبەگەکان کە لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکا و بریتانیا پشتیوانی لێان دەکرا و دەسەلاتی سیاسی ئەوان لە دەوڵەتی دواکەوتوو و کۆنەپەرەستی ئەو کات خۆی دەنواند ، بە تەواوەتی دژایەتیی هەبوو . بەردەوامی و بلاوبوونەوەی دیموکراسی لە ئازەربایجان و کوردستان و پەرەساندنی بە سەررانسەری ئێران و وڵاتانی دراوسی ، بەرەی یەکگرتووی دواکەوتوویی مەجبوور کرد تاکو سەرکوتی یەکجاری ئەم بزووتنەوەیە لە دەستووری کاری خۆی دابنێ . بەم شێوەیە پاش یەك ساڵ بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجان و کوردستان کە دەس پێکەری بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی بوون ، لە گەڵ هێرشی ئەرتش و گروپەکانی جۆراوجۆری ئەوباش و داربەدەستانی ڕێژیم سەرکوت کران و شکستی ئەم بزووتنەوانە بەردەوامی دیکتاتۆری ،. سەرکەت و نەبوونی ئازادیەکانی سیاسی و مافەکانی دیموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵك لە سەرانسەری ئێران بەدواوە بوو . بە شێوەێك کە پاش تێپەر بوونی ٥٨ ساڵ دەتوانین بڵێن پەسەند کراوەکانی بەرنامەی ۳٤ مادەیی پێشنیاری ئەنجوومەنەکانی ئەیاڵەتی و وەلایەتی ئازەربایجان و کوردستان بۆ ئەم دوو ناوچەیە و سەرانسەری ئێران هێشتا کە هێشتایە وەك مافەکانی پێشێل کراوێکە کە بە دوای شکستی ئەم بزووتنەوەیشە ، هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز و یەکسانی خواز لە سەرانسەری ئێران بۆ وەدیهێنانی ئەوان خەباتیان کردووە و گیانیان بۆ ئەوان فیدا کردووە و ئەم خەباتە هێشتا بەردەوامە .

بە ڕێزدانان لە یاد و خاترەی شەهیدانی ڕاپەڕینی ئازەربایجان و کوردستان ، پەرە بدەینە خەبات بۆ ڕووخاندنی دواکەوتوویی دەسەلاتدار و وەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی .

چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار
داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار

## لیستەی شەهیدانی ڕێکخراو لە مانگی سەرماوەز

| | |
|---|---|
| ویدا ئابکناری | ئازەر لەتیفی |
| تەووکوڵ ئەسەدیان | موحسین مودیر شانەچی |
| مەنسوورئەسکەندەری تەربەقانی | عەلی مورادی |
| حەمید ئەشراق | عەلیشا نەجەفی |
| ئەحمەد ئەقدەسی | عەلی رەزا هومایون پریزادە |
| بەهروز بەهروزنیا | پەیام هونەریار |
| جەلاڵ پوور جەعفەری ئازاد | ئەسەدوڵلا بەشەر دوست |
| حسین تەدریسی | ئەبوڵقاسیم نیکچە هەمەدانیان |
| عەباس تەهمتەنی | محەمەد رەزا شەهنەواز |
| مەنسوور جابری | سەید کازم شەهیدی سالس |
| قەرەنی حەسەنی | رەحمەت تالیب نەژاد |
| سیما دەریایی | عەلی عەبدوڵعلی زادە |
| فەرهوود رەوایی | موختار قەڵەم وەیسی |
| حەمید رزا سەعادەتی | کامیار کەریمی |




*سیاوش کسرایی در تجلیل از*
*صفر خان*

دیدار با آتش و عسل

آذربایجان را می‌ماند
سخت و صبور و سترگ
کوه با برفی بر تارک
با خورشیدی در انبان
آذربایجان را می‌ماند !
آزادی ، آزادی ستان
اما زندانی زمان
آذربایجان را می‌ماند !
انبوه خاطره و یادگار
از شهید و زنده
بندی و رها
پیدا و پنهان
آری
به تمامی آذربایجان را می‌ماند
این یک تن



این روستا مرد « شیشوان »
صفر !
این سومین باقر و ستار خان
در قلب چشم او
همیشه سهمی برای ماست
از آتش زرتشت و عسل سبلان
کنار نو خاستگان
« گل های تشنه »
به گفتگو چه خوش نشسته بود
این پیر تهمتن مهربان
که هم سخره بود ، هم سایبان
پیر زن مراغه‌ای
که با شاخه گلی
راه دراز را به زیارت آمده بود
شیرین می‌گفت :
باخین !
بیزیم قهرمان
بیزیم قهرمان !

محمود درویش

# ستیز

کند و زنجیرم کنید
دفترچه و سیگارم را بستانید
دهانم را پر از خاک کنید.
هه ! که شعر
خون دل است و
نمک نان و
زجاجیه چشم
که می‌توانش با ناخن ها
با مردمک چشم ها
و با خنجرها نوشت.

من این را می‌گویم
در اطاق تمشیت
در گلخن
در اصطبل
در زیر تازیانه
دست بند بر دست
زیر شکنجه غل و زنجیر :
هزار هزار پرستو
بر شاخه های قلبم
سرود جنگ سر می‌دهند .



# مەسەڵەی زەوی ، بزووتنەوەی جووتیاران و سیاسەتی ئێمە

*( بەشی یەکەم )*

**بۆ روونکردنەوەی سیاسەتی ئێمە سەبارەت بە مەسەڵەی زەوی و بزووتنەوەی جووتیاران ، کومیتەی کوردستانی رێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست نووسراوەێکی تەحقیقی لە هاورێ شەهید مەنسوور ئەسکەندەری ئەندامی کومیتەی ناوەندی رێکخراو کە لە سەرەتاکانی ساڵی ۱۳۵۹ی هەتاوی نووسراوە بە زمانی کوردی وەرگێردرایە کە بەم شێوەیە سەرنجی خوێنەران بۆ خوێندنی ئەم نووسراوە پڕ لە بایەخە ڕادەکێشین . ئەم نووسراوەیە لە چوار بەش لە رێگای گەل چاپ دەکرێ .**

**دەستەی نووسەرانی رێگای گەل**

******************************

گەشە کردنی سەرمایەداری لە لادێ

دوو رێگا حەل بۆ پەرەساندن و گۆرینی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان مومکین بوو :

۱ _ رێگا حەلێکی ئارام و هێمنانە ، بەرە بەرە و ئاشتیانە ، ریفورمەکان لە سەرەوە ، لە لایەن ئیمپریالیزم و پێگەی ناوخۆیی ئەو ، رێگایێك کە ناوی " شۆرشی سپی " بە خۆوە گرت و ئەگەرچی هەروا کە ئەرسنجانی وتی پێویستی کۆمەڵگا بوو ، بەلاّم بە شێوەیەك جێ بە جێ کرا کە وەك هەموو نموونەکانی مێژوویی وەك ئەو ( " رێگای پروسی " ) بێ گۆمان پەرەگرتنی سەرمایەداری دابین دەکرد ، " بەلاّم زۆر خاو ، لە گەڵ دانی ساڵەها هێز و دەسەلاّت بە یونکرەکان " و " هەزار جار خراپتر لە رێگا حەلتر ، ( " رێگای ئەمریکایی " ) بۆ پرولیتاریا و جووتیاران بوو . ( " قسەکانی کۆنی مەنشویکی " _ لینین ) هەروا سەرەرای زاڵ بوونی ، لە پاڵ خۆیدا شێوەیەکی دیکە لە کۆکردنی زەویەکانی کشتوکاڵی لە گەڵ خۆی ڕادەکیشا ، و ئەو " زەوتی ملکایەتی " تووند و تیژ و لە گەڵ وەحشیانەترین ئەشکنجەکان کە وە بیر هێنەری بێرەحمانەترین شێوەکانی مێژوویی زەوتی ملکایەتی لە جووتیاران ، " دیوار کیشی " لە بەریتانیایە .

۲ _ رێگا حەلی وەك زریان ، لە ناکاو و بە شێوەی کینەیی ، ریفورمەکان لە خوارەوە بە شێوەیەکی دیموکراتیك لە لایەن جووتیاران و پرولیتاریا ، رێگایێك کە بە " شۆرشی جووتیاری " ناوی دەر کردووە و پرولیتاریا لە یکگرتن لە گەڵ جووتیاران بە ئەنجامی دەگەیێنێ . ئێمە لە ئێران لە گەڵ رێگا حەلی یەکەم رووبەرووین ، پرۆسەی پەرەگرتنی سەرمایەداری " لە سەرەوە " و لە لایەن چینەکانی دەسەلاّتدار و لە ڕەوتی شەرِ بۆ مانەوەی دەسەلاّت ، لە ژێر ناوی " شۆرشی شا و خەلك " خۆی نیشان دەدات و لە ناوەرۆك دا رێگا حەلێکی ئیمپریالیستی بۆ مەسەڵەی زەویە . گەشەی سەرمایەداری و یان دروست تر بلین جێنشینی خاوی سەرمایەداری لە گەڵ سیستەمەکانی پێشەوەی خۆی لە لایەن چینەکانی دەسەلاّتدار ، خەتی تۆخ و روونێکە کە هەموو رووداوەکانی وەك یاسای ناونووسی ملکەکان لە ساڵی ۱۳۰۰ی هەتاوی تاکو ریفورمی زەوی لە ساڵی ۱۳۴۰ی هەتاوی و پاش ئەوی لە بەرانبەر ئێمە دادەنێ . پرۆسەی لە ناوچوونی دڵتەزێنی کۆمەڵگای لادێیە کە بە شێوەکانی جۆراوجۆر خۆی نیشان دەدات . مەبەستی ئێمە لە نووسینی ئەم بەشە لە بابەتەکە شتێك جگە لە پێداچوونەوەی چۆنیەتی ئەم جێنشینیە نیە . لینین لە پێداچوونەوەی گەشەی سەرمایەداری لە رووسیا سێ پێوەری سەرەکیی بۆ ناسینی ڕادە و ئاستی پەرەگرتنی سەرمایەداری دیاری دەکات :

۱ _ پەرەگرتنی پەیوەندیەکانی کەرەسەیی کە بەو هۆیە زەوی و هێزی کار لە بەشی کشتوکاڵی لە یەکتر جیا دەبێتەوە و شیاوی ڕەوانە کردن بۆ بازاری دراوی دەبێت .

۲ _ گەشە کردنی بازارەکانی ناوخۆیی بەو شێوەیە کە گۆرینەوەی کەرەسە و دراو لە نێوان بەشی لادێی و بەشی شاری پەرە بستێنێ .

۳ _ گەشەی پێکهاتی چینایەتی سەرمایەداری بەو شێوەیە کە جووتیار یەك بوون و یەك دەستی خۆی وەك چینێك لە دەس بدات .

( هەر ئەو سەرچاوە _ لینین ) .

لەو جێگایە کە حەلی مەسەڵەی زەوی بە شێوەی کاپیتالیستی بە هەر شوازێك زەمینەکانی کۆمەلاّیەتی _ ئابووری تایبەت بە خۆی پێویستە ، ئێمە یەکەم لە پێداچوونەوەی چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم زەمینانە دەس پێ دەکەین .

ئەوەی کە حسابات و رەقەمەکانی ئاماری ( سەرژمێری ) دەڵێن ، لایەنێکی لە پەرەساندنی ئابووری کەرەسەئیە کە سەرەتا زەوی و هێزی کار دەگۆرێتە کەرەسە . یەکەم ، ئیمکانی بورژوایی کرین و فرۆشتنی زەوی وەك کەرەسە کە لە سەرەتاوە بە شێوەی پەسەند کردنی ناونووسی ملکەکان لە ساڵی ۱۳۰۰ی هەتاوی پێك هاتبوو ، دووهەم بۆ ئەوەی کە هێزی کار لە بەشی لادێی بگۆردرێتە کەرەسە ، دەبوایە لە دوو بوار ئازاد بێت . یەکەم ئەوەی کە لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی بچووکی خۆی رِزگار بێت ، واتە لە پرۆسەی زەوتی ملکایەتی سەرمایەداری ئەوی لە دەس دابێت . دووهەم ئەوەی کە دانی ئەم هێزە کارە بە هەر کەسێك ئازاد بێت ( ئازادی لە قەید و بەندەکان و کردەوەکانی دەرەبەگایەتی ) . بەم هۆیە لە پەرەساندنی سەرمایەداری یەکەم ئێمە بە دابرِانی بەشێکی گەورە لە حەشیمەتی لادێی و پەیوەست بوونی ئەوان بە حەشیمەتی شارەکان رووبەرووین .

لە مەودای دە ساڵ ( ۱۳۵۵ _ ۱۳۴۵ هەتاوی ) نزیك بە ۴/۵ ملیون نەفەری لادێی هاتنە ناو شارەکان کە نیوەی ئەم نەفەرانە پەیوەندی خۆیان بە تەواوی لە گەڵ لادێیەکان پچراون . هەروا نزیك بە ۲۲ هەزار لادێ ئێران لە ۸۶ هەزار لادێ لە مەودای ۱۱ ساڵ ( لە ۱۳۴۵ تا ۱۳۵۶ی هەتاوی ) چۆڵ کراوە . لە " راپورتی ئابووری ساڵی ۱۳۵۶ی بانکی مەرکەزی " دەخوێنین :

" بە هۆی کوچی خێراتری دانیشتووانی لادێکان بەرەو شارەکان لە مەودای بەرنامەی پێنجەم ، حەشیمەتی خەریکی کاری بەشی کشتوکاڵی بە بەردەوامی روو لە کەم بوونە بە شێوەیەك کە بە

←

پێ حساباتی سەرەتایی لە مەودای ئەم دەورەیە نزیك بە ٧٣٠ هەزار نەفەر لە حەشیمەتی خەریکی کار لەم بەشەدا کەم بووەتەوە . "

ئەگەر بڕوانینە وەزعی ئابووری _ کۆمەڵایەتی کوچ کراوانی لادێکان پێش لە هاتنیان بەرەو شارەکان ، بە تایبەتی هێندێك بنەماڵە لە نێوانیاندا هەیە کە لە وەزعێکی زۆر خراپ و نالەباردا لە لادێکان ژیاون . بۆ نموونە بە پێ پێداچوونەوەیێکی نموونەیی لە سەداسەدی بنەماڵەی خۆش نشین ٦٦٪ ، لە وردە ماڵکەکان کەمتر لە ١/٥ هەکتار زەوی ٦٠٪ ، و لە وردە ماڵکەکانی زۆرتر لە ٤ هەکتار زەوی ٣٧٪ کۆچیان کردووتە بەرەو شارەکان .هەروا بە هۆی سیاسەتەکانی ڕێژیمی پاشایەتی بە تایبەت لە ساڵەکانی ئاخری حکومەتی شا ئەم پرۆسەیە زۆر پەرەی گرت . سیاسەتی " جێگیر کردن و ڕاست کردنەوەی نرخەکان " کە لە ڕاستیدا سیاسەتی جێگیر کردنی نرخەکانی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی ( گەنم ، جۆ ، لۆکە ، چۆنەر ، قەند و هیتد . . . ) بوو بە کردەوە جووتیارانی ماڵ وێران کرد . چ نرخی کەل و پەلەکانی هاتووی سەرمایەیی و مەسرەفی بەشی سەنعەت ( پیشە ) بە خێرایی ( ٢ یا ٣ قات ) زیاد دەکرا و بە هۆی جێگیر بوونی نرخی بەرهەمی جووتیاران بە بەردەوامی لە داهاتی ئەوان کەم دەبوو و هەر ساڵ بە ڕادەیێکی زۆرتر ئەوان لە زنجیری قەرزەکانی بانکەکان و دامەزراوەکانی ماڵی و دەوڵەتی و خسوسی دیل دەکرد . سەرەڕای ئەمەی کە سیاسەتی ئابووری " دەرگاکانی کراوە " ی شا کە بە مەبەستی پڕ کردنی بازاری ناوخۆیی لە کەل و پەلەکانی ئیمپریالیستی _ بە شێوەی تێر کردنی پێداویستیەکانی مەسرەفی پێکهاتوو یپاش ڕۆیشتنە سەرەوەی نرخی نەوت _ بوو ، دیسان زۆرتر بووە هۆی ماڵ وێرانی دانیشتووانی لادێکان .

هێنانی یەکجار زۆری کەل و پەلی مەسرەفی کشتوکاڵی ( گۆشت ، گەنم ، برنج ، میوە و هیتد . . . ) بە کردەوە جووتیارانی تووشی ئەو ڕەقیبانەی دەکرد کە تەنانەت خەونی بەربەرەکانی لە گەڵ ئەوانی قەد نەیتوانی ببینێ . بە پێ ئامار ( سەر ژمێری ) " ڕادەی هێنانی مەوادی خاو و کەل و پەلەکانی واسیتەیی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە ١٤٨ ملیون دولار لە ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی بە ٢٥٦ دولار لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی گەیشت ، یانی ٧٣٪ چووەتە سەر . نموودار ی ( چەماوەی ) خوارەوە گۆڕانکاری هێنانی کەل و پەلەکان لە ساڵی ١٣٥١ تاکو ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی نیشان دەدات .




هەروا بە پێ ئامار " ساڵنامەی ئاماری وڵات " لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی " ڕادەی زۆر بوونی ساڵانەی حەشیمەت لە نێوان ساڵەکانی ١٣٤٥ تاکو ١٣٥٥ی هەتاوی لە سەرانسەری وڵات ٢/٧٪ بووە . ئەم ڕادە لە زۆر بوونە لە ناوچەکانی شاری ٤/٨٪ و لە ناوچەکانی لادێی ١/٢٪ بووە کە بە لە بەرچاوگرتنی نێوانی زۆری ٣/٦٪ زۆر بوونی ناوچەکانی شاری بە نیسبەت ناوچەکانی لادێی ، خێرایی ڕەوانە بوونی حەشیمەت بەرەو شارەکان نیشان دەدات . ( کار ژمارەی ٧٢ )




نموودار ی سەرەوە بە باشی ئەم تایبەتمەندیەی پەرەساندنی ئابووری کەرەسەیی ( زۆر بوونی حەشیمەتی شارەکان ) نیشان دەدات .

ئەوەی کە لەم ڕەقەمانە و نموودارانە دەردەکەوێ ئەمەیە کە ئەگەرچی زۆر دەمێك بووە کە یەکەم هۆکار بۆ پەرەساندنی ئابووری کەرەسەیی ئامادە دەکرێ ، بەڵام ئەم ڕەوتە پاش ڕیفورم زۆر خێراتر دەبێ . ئاکامی ئەم ڕەوتە لەشکرێکی گەورە لە جووتیارانی هەژارە کە بە هۆی ئیفلاس و ماڵ وێرانی لە لادێ دەر کراون ، بەرەو شارەکان و ریزی پرولیتاریا سەر ڕێژ دەکات . ئەم سەر ڕێژ کردنە بەو مانایە کە کشتوکاڵ " بۆ خۆ " دی جووتیاران ( بەشدار بوون ) کە مەرجی هەبوونی باسکی کار بۆ ئەرباب و بەم هۆیە مەرجی بوونی سیستەمی ئەربابیە ، لە گەڵ دابڕانی ئەو لە سەر زەوی بچووکەکەی خۆی بەرەو لە ناو چوون دەچێ و بەم شێوەیە یەکێك لە کۆڵەکەکانی سیستەمی ئەربابی دەرووخێ و ئەوەیتر بەو مانایە کە ئەمە خۆی سەقامگیری لەشکری پرولیتاریا و بازاری ناوخۆیی ( بازاری کار و بازاری کەرەسە ) بۆ سەرمایەیە کە خۆی هۆی پەرەساندنی سەرمایەداریە . لینین ئەم پرۆسەیە بەم جۆرە بەیان دەکات :

" بە لە بەرچاو گرتنی ئەم ڕاستیە کە لە دەورانی پێش لە ئابووری کەرەسەیی ، بەرهەم هێنانی پیشەیی لە گەڵ پیشەی مەوادی خاو تێکەڵە و لە سەرەوەی پیشەی مەوادی خاودا کشتوکاڵ ڕاوەستاوە ، پەرەگرتنی ئابووری کەرەسەیی بە شێوەی جیا بوونی یەك بە دوای یەکی لقەکانی پیشە لە کشتوکاڵ خۆی نیشان دەدات . لە ئاکام دا پەرەساندنی ئابووری کەرەسەیی خۆ بە خۆ بە مانای جیابوونەوەی هەر ڕۆژ زۆرتری بەشێك لە حەشیمەتی کشتوکاڵی واتە زیاد بوونی حەشیمەتی پیشەیی ، بە قەیمەتی کەم بوونەوەی حەشیمەتی کشتوکاڵیە . "

( " پەرە ساندنی سەرمایەداری لە رووسیا " . )

کەم بوونی حەشیمەتی لادێکان بە قازانجی حەشیمەتی شاری خۆی بەو مانایەیە کە بەشێك لە هێزی کاری بەشی کشتوکاڵی لە ئەو جیا و بە بەشی پیشە ڕوو دەکات .سەرژمێریەکانیش ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ . بە شێوەیێك کە ڕێژەی هێزی کاری بەشی پیشە و خزمەتگوزاری بە هەموو هێزی کار لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥١ _١٣٣٥ ی هەتاوی گۆڕانکاریەکانی خوارەوە نیشان دەدات :

| ساڵ | ڕێژەی هێزی کاری بەشی پیشە و خزمەتگوزاری بە هەموو هێزی کار |
|---|---|
| ١٣٣٥ | ٪٤٣/٦ |
| ١٣٤٥ | ٪٥٣/٨ |
| ١٣٥١ | ٪٦٣/١ |

دەبینین کە ئەم پرۆسەیە بە شێوەیێکی بەرچاو لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی دەستی پێ کردووە و لە

پاشماوە لە لاپەڕەی ٩

## پاشماوەی وت و وێژی هاوڕێ یەدی . . .

کە سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندیەکانی سەرمایەداری بە سەریاندا زاڵە ستەمی نەتەوایەتیش بەردەوام بە سەریان حاکیمە ، بە حیساب دێت . لەم وڵاتانە نە پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی بە سەریاندا زاڵە و نە مۆستەعمەرەن ، تاکو ئەوەی بورژوازی میللی ئەوان لە بەرانبەر دیکتاتۆری دەرەبەگایەتی وە یان هێزێکی چەوسێنەری دەرەکی داوای مافی چارە نووس و تۆتۆنۆمی بۆ ئەوان بکا ، بەڵکو ئەمانە ئەو کۆمەڵگایانەن کە دەورانی پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتیان تێپەڕ کردووە و سەرەڕای زاڵ بوونی سیستەمی سەرمایەداری هێشتا داخوازیە دیموکراتیکەکان وەک مافی چارەی خۆ نووسین و زۆرتر لە داخوازیە دیموکراتیکەکان لە زنجیری دیکتاتۆری و سەرکوتی چینی دەسەڵاتداری حاکیم ماوەتەوە و خەبات هەروا دژی دەوڵەتی بورژوایی بۆ وە دی هێنانی ئەم داخوازیە دیموکراتیکانە بەردەوامە . سەرمایەدار و بورژوایێکی تورک ، یان کورد و بەلوچ و عەرەب لە ئێراندا نە تەنیا لەم هێزە سیاسی‌یە کە پاڵی داوەتە سەرکوتی ئازادیە سیاسیەکان بەشدار و شەریکن بەڵکو ئەوەندە رشتەی ئابووری خۆیان لە سەرتاسەری وڵات تەنیوە کە نە دەتوانن و نە دەیانهەوێ خۆیان لە بازارەکانی تەوسک و بەربەستی نناوچەیی زیندانی بکەن . ئەگەر سەرمایەدارێکی کورد حازر بووە بەشێک لە سەرمایەی خۆی لە کوردستان بە کار بهێنێ ، وەک هەر سەرمایەدارێکی‌تر لە کوردستان نە لە ڕووی هەستی نەتەوە پەرەستی و نیشتمان پەرەستی بەڵکو بە هۆی هێزی کاری هەرزان و قازانج گەیاندنی بەشەکانی لە بەرهەمهێنانە کە بەشێک سەرمایەی خۆی کە پەیوەندیی ئۆرگانیکی لە گەڵ کارکردی سەرمایە لە ناوچەکانی‌تر هەیە ، بە گەر خستووە . بۆیە لە ڕوانگەیێکی مێژوویی و چینایەتی لە نێوان نەتەوەکانی ئێران و ناوچە هاو سنوورەکان ، بورژوازی ناتوانێ نوێنەری سەربەخۆیی و ئازادی ئەم نەتەوانە بێ و ئەگەریش ئەم ئیدیعایە لە لایەن کەسانێک لە بورژوازی ئەم نەتەوانە بکرێ ئەم کەسانە ئەوەندە بە هێز نین کە وەک نوێنەری ئازادی ئەم نەتەوانە قبووڵ بکرێن و تەنیا کرێکاران و زەحمەتکێشان نوێنەری ڕاستەقینەی مافی چارەی خۆ نووسین و سەربەخۆیی ئەم نەتەوانە دەژمێردرێن .

(( بەشی دووهەم لە ژمارەی داهاتوو ))




## پاشماوەی مەسەڵەی زەوی ، بزووتنەوەی . . .

ساڵەکانی ٥٠ وەوە گەیشتووتە بەرزترین ئاستی خۆی ، ئاکامی کۆتایی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە زەختی بەرهەم هێنانی زۆرترێک بە سەر پاشماوەی حەشیمەتی لادێ دێت ، لە ئاکام دا نە تەنیا چەوساوەکانی شار بەڵکو جووتیاران کە کۆمەڵێکی زۆر لەوان بێ بەشترین توێژەکانی کۆمەڵایەتی پێک دێنن ، قورسایی سەر لە نوێ دروست کردنی هێزی کار کەوتە ئەستۆیان . " ئەوان زۆرتر کاریان دەکرد کە زیندوو بمێننەوە کە کرێکار ڕەوانەی پیشەکان بکەن " .

دووهەم ئەوەی کە هەر ئەم جووتیارە هەزارانە کە تا ماوەیێکی پێش لەمە خاوەن حەیوانی کار بوون ، ئێستا ئەویش لە بەر هەژاری زۆرتر لە دەس دەدەن . ئەم پرۆسەیە شێوەیێکی تایبەتی لە جیایی بەرهەم هێنەری بچووک لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە . بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی ، پەنجا لە سەدی بەرهەمەکانی بە دەس هاتووی بچووکتر لە یەک هەکتار و ٢٣٪ بەرهەمەکانی بە دەس هاتوو ١ تا ٢ هەکتار بە بێ مانگا و کار بوون . ئەمانە لە ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی بە ڕادەی ٦٨٪ و ٤١٪ زیاد بوون و یان ڕێژەی بەرهەمەکانی بەدەس هاتوو بە بێ حەیوانی کار لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی ، ٨٦٪ بۆ کەمتر لە ١ هەکتار و نزیک بە ٦٥٪ بۆ ١ تا ٢ هەکتار بووە . ئەم ڕێژانە لە ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی بە ٩٢٪ و ٧٣٪ گەیشتووە ( کەند و کاو ، ژمارە ٨ ) . سەلمێندراوە کە هەزینەی حەیوانەکانی بارکێش لە گەڵ زۆر بوونی ژمارەی ئەوان دادەبەزێ . لینین دەنووسێ :

" لە گەڵ زیاد بوونی بەرینی مەزرا و ڕووبەری کێڵاو لە لایەن جووتیاران ، هەزینەی پاراستنی هێزی کار _ بریتی لە ئینسان و یان حەیوان _ کە ڕەقەمی گەورەی هەزینە کشتوکاڵی پێک دێنێ ، بە شێوەیێکی دووقات دادەبەزێ و بۆ ئەو گروپانەی کە خەریکی کاڵینی ڕووبەرەکانی بەرینن لە بەرانبەر هەر دسیاتینی زەوی کێڵاو نزیک بە نیوەی هەزینەی وەک ئەو ئەو گروپانەی کە خەریکی کاڵینی ڕووبەرەکانی بچووکن دادەبەزێ . "

( پەرەساندنی سەرمایەداری . . . " لاپەرەی ٣٩ _ لینین )

ئەم پرۆسەی لە دەس دانی حەیوانی کار بەو مانایەیە کە لە حاڵێکدا هندێک لە جووتیارانی هەژار ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر فرێ دەدرێنە ناو ریزەکانی پرولیتاریا ، هندێکی‌تر لە جووتیارانی مام ناوەندی و هەروەها دەوڵەمەند بە قەیمەتێکی هەرزانتر دەوڵەمەندتر دەبن و یان پرۆسەی وەلانرانی گروپی ناوەراست و بە هێزکردنی دوو گروپی ئاخر کە بە هێدی و خاوە خاو لە ئارادایە روو دەدا .

لە سیستەمی کاری ڕەعیەتی ئێمە لە گەڵ ئامراز و شێوازەکانی کشتوکاڵی دەورەکانی زۆر کۆن ڕووبەرووین و ئەم مەسەلەیە ریشە لە پەیوەندیەکانی ملکایەتی سیستەمی ئەرباب و ڕەعیەتی هەیە .بە کار هێنانی شێوەکانی زۆر پێشکەوتووی کشتوکاڵی لە لایەن جووتیاران بۆ دەسکەوتی زۆرتر ، ئاکامێک جگە لە تاڵانی زۆرتری ئەو لە لایەن ئەرباب نیە ، بۆیە جووتیاران مەیلێکیان بە ئیستفادە کردن لە ئامرازەکانی پێشکەوتوو نیە . هەر بۆیە ئەگەر بروانینە چەند دەیە پێش لە ریفورمەکانی زەوی ، ئیستفادە لە ماشینەکانی کشتوکاڵی نزیک بە هیچە و بەلاَم تۆزێک بەر لە ریفورمەکانی زەوی ئێمە لە گەڵ پەرەگرتنی ئیستفادە لە ماشینەکانی کشتوکاڵی ڕووبەرووین و ئەمە هۆیەکانی تایبەت بە خۆی هەیە . بۆ نموونە ئەوەی کە ئەرباب بۆ

پاشماوە لە لاپەرەی ٥

# ووشەی سیاسی

**تەحت حمایە ( Protectorat )**

یەکێک لە جۆرەکانی ئیستعمارە . ووشەکەی بە مانای پشتیوانی دەوڵەتێکی گەورە و بە هێزە لە دەوڵەتێکی بچوك و لاواز . لە راستی‌دا دەوڵەتانی ئیمپریالیستی بە زور ، بە هێزی ئەرتشی خۆیان ، بە هێز و توانای ئابووری خۆیان سیستەمی تەحت حمایەیی ( پرۆتکتۆر ) بە سەر وڵاتانی بچوك دادەسەپێنن و ئەوان دەبنە ژێر سەیتەرەی خۆیان و بە کردەوە دەیان کەنە موستەعمرە و سەرکردەکانی بەکرێگیراوی خۆیان لە سەر کار دادەنێن و بە مۆر کردنی رێککەوتننامەکانی ناعادڵانە و داسەپاو زنجیری دیلی و کۆیلایەتی ئەو وڵاتانە توندتر و قایمتر دەکەن . تەحت حمایە بوون زۆرتر لە گەڵ داگیرکردنی خاکی وڵاتان لە رێگای لەشکرکێشی سەربازی و دامەزراندنی پێگەکانی سەربازی دەریایی و یان ئاسمانی دەس پێ دەکات و لە هێندێك جار پێش لە بوونی وڵاتێك بە موستەعمرەی تەواو ، بزووتنەوەی بە هێزی رزگاریدەری خەڵکانی ستەم لێکراو داد و دەزگای تەحت حمایە بوونی هاوکات لە گەڵ لە ناوچوونی گشتی سیستەمی ئیستعماری تێك و پێك داوە .

**تیئوری ( Theorie )**

بریتیە لە رێك خستنی تەجرووبە و پراتیکی کۆمەڵایەتی . تیئوری کۆمەڵێکە لە بیروبۆچوونەکانی راهێنەرانە لەم یان ئەوە زەمینەی زانیاریەکانی مرۆیی ، بریتیە لە تێگەیاندن و روونکردنەوەی زانستی یاساکانی گەشەکردن لە سرووشت یان لە کۆمەڵگا . تیئوری کە خۆی لە سەر بناغە و ئەساسی پراتیك و کردەوە پەیدا دەبێ ، رۆڵێکی چالاکی هەیە لە ژیانی کۆمەڵگا لە زەمینەی ناسینەکانی‌تری زانستی ئینسانی و ئاسۆی روون و دەقیق لە چالاکیەکانی زانستی خۆی نیشانی مرۆڤەکان دەدات و پراتیك بەرەو پێش دەبات . مارکسیزم _ لینینیزم فێری ئەمە دەکات کە پشتوانەی ئەنجامی سەرکەوتووانەی ئەو ئەرکانەی کە کۆمەڵگا بە ئێمەی ئەسپاردووە ، یەکگرتنی تیئوری و پراتیکە ، یەکگرتنی بیروبۆچوون و کردەوەیە . تیئوریەك ئەگەر لە گەڵ کردەوەی شۆرشگێرانە و لە گەڵ پراتیکی ئاڵوگۆر پێکەو پەرەئەستێنەر تێکەڵ نەبێ ، بێ ناوەرۆکە . پراتیك و کردەوەیش ئەگەر بە چرای راهێنەری تیئوری شۆرشگێرانە دانەگیرسێ کوێر و بێ سەمەرە . ئەحزابی مارکسیست _ لینینیست پایەی چالاکی خۆیان لە سەر ئەساسی یەکگرتنی تیئوری و کردەوە دادەنێن . تیئوری مارکسیزم _ لینینیزم کۆمەڵێکە لە بیروبۆچوونەکانی راهێنەرانەی ئەم زانستە و رێنمای زانستی روون و دەقیق چالاکیەکان و کردەوەی ئەحزابی کرێکاریە . رۆڵی رێکخەرانە و ئاڵوگۆر پێکەری تیئوری مارکسیستی _ لینینیستی لێرە دایە کە بە ئەحزابی کۆمۆنیستی و کرێکاری ئیمکان دەدات لە هەر وەزع و بارودۆخێك بن ، رێگای خۆیان بناسن ، رەوتی رووداوەکان پێش بینی بکەن ، چالاکی خۆیان لە سەر ئەساسی شێوازی زانستی دیاری بکەن .

مارکسیزم _ لینینیزم ئاوا تیئوریەکە کە جێبەجێ کردنی داهێنەرانەی کارەکان پێویست دەکات . فێر بوونی وشك و دوگماتیك و کتێبی ، لە بەر کردنی بریارەکان و فورمولەکان و دووپات کردنەوەی کوێر کوێرانەی ئەوان بە تەواوی لە گەڵ مارکسیزم– لینینیزم بێگانەیە و کەمترین بایەخ و ئاکامێکی نیە . فێر بوون و بە کار هێنانی داهێنەرانەی تیئوری مارکسیستی بە مانای فێر بوونی ناوەرۆکی ئەو ، بە کار هێنانی ئەو وەك رێنمای کردەوە ، ئیستفادە کردن لە ئەو لە کارەکانی پراتیك و بۆ چارەسەری ئەو مەسەلانەی کە لە بەرانبەر حیزب و جوولانەوە لە هەل و مەرجەکانی جۆراوجۆر و لە ئاڵوگۆردا خۆی نیشان دەدات . ئاوا تێگەیشتن و یان ئاوا فێر بوونێکی زانستیانە ، خۆی بە پەرەساندنی تیئوری دەگات ، ئەو لە گەڵ بریارەکان و دۆزراوەکانی تازە دەوڵەمەند دەکات ، تزەکانی نوێ لە سەر ئەساسی وەزعی گۆراوی مێژوویی و هەل و مەرجەکانی نوێی پراتیکی کۆمەڵایەتی بە وجود دێنێ .



**شکۆدار بێت یادی ١٦ی سەرماوەز**
**رۆژی دانشجو ، رۆژی خەباتی**
**دانشجویانی پێشرەو و شۆرشگێر**
**دژی حکومەتی سەرکوت و نەزانی**
**و دواکەوتوویی!**

گۆڤارەکانی (( کار کمونیستی )) ، (( جهان کمونیستی )) ، (( رێگای گەل )) و هەروا تازەترین راگەیاندراوەکانی رێکخراو لە سایتی رێکخراو وەرگرن:

www.fedayi.org

ناونیشانی سایتی رێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی رێکخراو بریتین لە :

www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571

**بڕووخێ رێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**